ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# رەخنە لە ئیسلام لە نێوان بابەتیبوون و بڕیاری پێشوەختدا*




**گفتوگۆیەك لەگەڵ هاوژین عومەر**

٢٠٠٦/٣/٣٠

**+ ئەو ژمارە کتێبانەی لە ماوەی رابردوودا بڵاو کرانەوە، دەکرێت بە بزووتنەوەیەکی رێکخراو ناویان بەرین؟ یاخود شتێکی هەڕەمەکی و بە پێی ئارەزوو بووە؟ مەبەست و ئامانجی ئەو کەسانە چییە؟**

ـ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان. ئەگەر ئەو زنجیرە کتێبە بە بزووتنەوەیەك ناو بەرین، ئەوا دەڵێم بەڵێ، ئەو زنجیرە "نووسین"ـەی لەسەر ئیسلام، خوای پـەروەردگار، موحەممـەد پێغەمبـەر و بەشـێکی زۆر لـە پێغەمبـەران (علیهم الصلاة والسلام)، هاوەڵان و کەسایەتییە مێژووییـەکانی مسـوڵمانان و مێـژوویی ئیسـلامیی بـڵاو دەبنـەوە، کارێکی رێکخراو و نەخشەبۆداڕێژراوە، هەروا و لە خۆوە سەری هەڵنەداوە، بگرە کاری ئەمڕۆ و دوێنێیەکی نزیکیش نییە. با لە بنەڕەتەوە باس لە دیاردەی لەسەرئیسلامنووسین بکەین. دیاردەی نووسین و لێکدانەوەی نازانسـتی و بێئینسافانە لەسەر پیرۆزییەکان و مێژووی مسوڵمانان، مێژوویەکی تا رادەیەك دیاری هەیە، ئێمە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ نووسینی رۆژهەڵاتناسەکان، ئەوا دەبێت بڵێین کە ئەو دیاردەیـە، یـان زۆرێـك لـە نووسـینەکانی ئـەوان لەسـەر مسوڵمانان و هەموو ئەوانەی پەیوەندییان بە ژیان و کار و بیرکردنەوە و مێژوویانەوە هەیە، دەچنە ئەو خانەیەوە، کاری زۆرێك لە رۆژهەڵاتناسەکان کارێکی رێکخراو بووە بۆ شێواندنی مێژوو کەلتووری ئیسلامیی و، دژایەتییکردنێکی سەرسەختی ئیسلام و مسوڵمانان بووە لە ژێر ناوی کاری زانستی و لێکۆڵینـەوەی ئەکادیمییانـەدا، لای زۆرێـك لـە رۆژهەڵاتناسـەکان کـاری رۆژهەڵاتناسـی خزمـەتکردن بـووە بـە پـرۆژەی خاچپەرسـتی و شـێوە جـەنگێکی تـری خاچپەرستی بووە لە دژی ئیسلام و مسوڵمانان، هەر چەندە ئێمە ناتوانیین ئەو حوکمە بەسـەر هەموویانـدا وەکـو کەس بدەین، چونکە تیایاندا هەبووە حەقیقەتی ئیسلام کاری تێکردووە و نەیتوانیوە راستییەکان پەنهان بکات و لە ئەنجامدا مسوڵمانبوونی خۆشی راگەیاندووە، یوسف ئەلعەزمی کەسایەتیی دیاری عەرەبی و ئیسلامیی لە کتێبێکیدا بەناوی "تأریخنا بین تزویر الاعداء وغفلة الابناء"، ناوی ژمارەیەك لەو رۆژهەڵاتناسانە دەهێنێت کە مسوڵمان بوون و

هەندێکیش لە نووسینەکانیان بە نموونە دەهێنێتەوە، لەوانە: رایەکی ئەلفۆنس ئیتین دینیە لە بارەی رۆژهەڵاتناسەکانەوە دەهێنێتەوە کە دەڵێت: "شێواندنی ژیانی موحەممەد (ص) و هاوەڵانی لە لایەن هەندێك لە رۆژهەڵاتناسەکانەوە گەشتۆتە ئاستێك کە وێنەی حەقیقیی ئەوانی شاردۆتەوە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی رۆژهەڵاتناسەکان بانگەشەی شوێنکەوتنی شێوازەکانی رەخنەی بەریئانە و یاساکانی لێکۆڵینەوەی زانستیی بێلایەن دەکەن". ئەلفۆنس ئیتین دینیە نووسەرێکی فەرەنسی بووە و کاری بریتی بووە لە توێژینەوەی بەراوردکاری لە نێوان ئایینەکاندا کە بەو هۆیەوە حەقیقەتی ئیسلامی ناسیوە و مسوڵمانبوونی خۆی راگەیاندووە. بە هەرحاڵ، سەرەڕای ئەو نموونە تاکوتەرایانە، ئێمە ناتوانین بڵێین کاری رۆژهەڵاتناسەکان کارێکی بێلایەنانە و زانستییانە بووە، کە میللەتی کوردیش یەکێکە لە قوربانییەکانی، ئێمە ئەگەر بمانەوێت بابەتی "نووسینەوەی مێژوومان" تاووتوێ بکەین و قسەی لەسەر بکەین، ئەوا بە بێ لێکۆڵینەوە لە رۆژهەڵاتناسی ناتوانین ئەو کارە بکەین.

لە لایەکی تریشەوە، دەتوانین بڵێین کە بەڵێ ئەم جۆرە نووسینانە هەر لە بنەڕەتەوە کارێکی بەرنامە بۆدارێژراو بوون.

+ چۆن؟

ـ چۆن؟ کاتێك خیلافەتی عوسمانی وەکو رەمزی مسوڵمانان نەما و لابرا، رۆژئاوا، جیهانی ئیسلامیی وەکو میراتیی لە نێو خۆیدا بەشبەش کرد و بە تەواوی داگیری کرد، هیچ کاتێکیش دەوڵەتی داگیرکەر تەنها بە شێوەی سەربازیی لە نێو موستەعمەرەکەیدا حزووری نەبووە، بەڵکو بە فیکر و بە سەربازیەوە لەوێ ئامادە بووە. تۆ تەماشاکە، هەرچی بیرۆکە نارەواکانی نێو جیهانی ئیسلامییە، بە تایبەت لە دوای رووخانی خیلافەتی عوسمانی و داگیرکرانی جیهانی ئیسلامییەوە سەریان هەڵداوە، داگیرکەرانی رۆژئاوایی خاچپەرست دەیانویست کارێك بکەن کە ئەگەر بەهانەی بوونی عەسکەرییشیان لە نێو وڵاتانی ئیسلامییدا نەما، ئەمان بە شێوەی تر لەوێ هەبن. هەربۆیە لە دوای پاشەکشەی سەربازییان، چەندین بیرۆکەی وەکو عەلمانییەت و "ئازادیی ئافرەت" و چی و چییان لە دوای خۆیان بە جێهێشت و بڵاو کردەوە کە تا ئێستاش مایەی سەرگەردانبوونی زۆرێك لە رۆڵەکانی مسوڵمانانن، هەروەها هاتن هەر چی تائیفە و کۆمەڵە مونحەریفەکان هەن لە مسوڵمانانیان زیندوو کردنەوە و چەندین بنکە و رێکخراویان بۆ کردنەوە و دەکەنەوە، رۆژێك گرنگی بە قادیانی و رۆژێك گرنگی بە یەزیدی دەدرێت و رۆژێکی تر هەرچی خەیاڵات و کەڵەکەڵەی خراپ هەیە لە نێو مسوڵمانانیدا زیندووی دەکەنەوە، بۆ نموونە لای کوردەکان وای بڵاو دەکەنەوە کە ئێمەی کورد زەردەشتی بووین و بە زۆر کراوین بە مسوڵمان، یان لای میسرییەکان نەوەی فیرعەونەکان زیندوو دەکەنەوە و ئەمانە، بۆ زیاتر دەرکەوتنی ئەم راستییەش، وەرە سەیری بارودۆخی ئێستای عیراق و کوردستان بکە کە داگیرکەر تیایاندا سەروەرە، چەندین رێکخراوی تەبشیری بە سەرپەرشتی دەسەڵاتی داگیرکەر کار دەکەن و بە سەدان و هەزاران بابەت و کتێب و کاسێتی تایبەت بەو بوارە بڵاو دەکەنەوە، لە هەموو شارەکانی کوردستاندا بنکەیان هەیە، کە جاروباریش گوێبیستی دەنگوباسی بە گاوربوونی کەسێك یان کۆمەڵە کەسێکی کورد دەبین، کە بە داخەوە دەسەڵاتی کوردییش لەم مەسەلەیەدا هاوکاریی تەواویان دەکەن. هەروەها چەندین رێکخراوی ئەمریکی و بیانی بە ناوی بڵاوکردنەوەی کەلتووری دیموکراسی و هەڵبژاردن و رێزگرتن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و.. کار دەکەن و ئەفکار و بیروبۆچوونی خۆیان بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەی عەقڵیەتی تاکی عیراقی بەو شێوەیەی مەبەستیانە بڵاو

ZAGROS WEBSITE

دەكەنەوە. ئەمە جگە لەو كەناڵانەی رادیۆ و تەلەفزیۆن بە ناوەكانی "نەوا، سەوا و ئەلحوڕڕە" كە كار بۆ ئەوە دەكەن.

هەروەها داگیركەری رۆژئاوایی دوای چوونەدەرەوەی سەربازییانە لە دەوڵەتانی ئیسلامییدا، جڵەوی كاری فەرمانڕواییشیان دایە دەستی ئەو كەسانەی لە بنەڕەتدا بەچكەی مسوڵمانان بوون بەڵام بە فیكری غەربی پەروەردە ببوون، بەو هۆیەشی ئەو فەرمانڕەوایانە ئینتیمایان بۆ ئایین و هاووڵاتیانی وڵاتەكەی خۆیان نەمابوو تەنها لاردەست بوون، بزانە كاتێك گەلەكانیان داوای گێڕانەوەی سەروەریی خۆیانیان كرد، چییان لێ بەسەر هێنان، بۆ ئەمەش نموونەكانی جەزائیر و توركیا و چەندین ناوچەی ترمان لەبەر دەستدایە.

گەر بەتایبەتیش بێینە سەر باسی ئەو زنجیرە كتێبەی بە تایبەت لەم چەند ساڵە كەمەی رابردوودا لە كوردستان بڵاو بوونەتەوە، ئەوا دەبێت بڵێین ئەمەش بە بەرنامەیە و رێكخراوە و دەسەڵاتی كوردی و حزبە باڵادەستەكانی لە پشتەوەیە، ئامانجیش لە وەها كارێك، راگەیاندنی شەڕێكی ترە لەگەڵ ئیسلام و مسوڵمانان، پاش ئەوەی لە زۆر رووی ترەوە و بە زۆر شێوەی تر لەو پێناوەدا شكستی تەواوەتییان هێنا و سەرجەم كار و كردەوە و بیركردنەوەیان لە لایەن خەڵكییەوە كەوتە ژێر پرسیارەوە. من كە لێرەدا ئامانجی ئەو دیاردەیە دەدەمە پاڵ دەسەڵات و حزبە باڵادەستەكان و ناڵێم ئامانجی نووسەرەكانیان، مەبەستم ئەوەیە كە ئەو كەسانە، یان ئەو "نووسەر"انە خۆیان هیچ نین تا ئامانجیان هەبێت، بەڵكو وەكو مەقاشێك وان و ئەو لایەنانەی باسمان كردن، بۆ مەبەستی ئایدیۆلۆژی و سیاسیی خۆیان بەكاریان دەهێنن.

**+ باشە بە رای تۆ، ئەو كەسانەی ئەو كتێبانەیان نووسیوە، تا چەند لە ئاستێكی وادان كە بتوانن ئەو بەرهەمانە بنووسن؟**

ـ من ئێستا وتم ئەو "نووسەر"انە خۆیان هیچ نین تا ئامانجیان هەبێت، یان بیركردنەوەیان هەبێت، ئەوەی بیر بكاتەوە، ئەو كارە ناكات، چونكە نووسین بۆ خۆی پیرۆزە و بۆ كارێكی پیرۆز بەكار دێت، یان وەكو هەندێك بیریاری بەناوبانگ لە بارەی پێناسەی رووناكبیر و نووسەرەوە دەڵێن: "نووسەر ئەو كەسەیە كە بە دوای راستیدا بگەڕێت و راستی بڵێت، یان راستی بە دەسەڵات بڵێت". ئەو كەسانە ئەگەر رووناكبیر و نووسەری راستەقینە بوونایە، وەها كارێكیان نەدەكرد كە لە جێی خۆیدا نەبێت، خزمەت بێت بە لایەنێكی گەندەڵ و نیوەمردوو، لایەنێك یان دەسەڵاتێك كە نە خوا و نەخەڵكیش پێی رازی نین، كە ئەو لایەنە بیەوێت باری لاری خۆی بەوان راست بكاتەوە و بەهۆی بەكارهێنانی ئەوانەوە، رووی خەڵكی بە لایەكی تردا وەرچەرخێنێت، وەكو ئەوەی لەم ماوەیەی رابردوودا خەڵكیان بە هەندێك كتێبەوە سەرقاڵ كرد.

نووسەری راستەقینە، بە تایبەت لە ئێستادا دەست بۆ بابەتی وا نابات، تۆ بڕوانە بەرهەم و نووسینی ئەو نووسەرانە، هەموویان بە شێوەیەك لە شێوەكان، بە زمانێك لە زمانەكان لە بارەی پەرپووتی و گەندەڵیی ئیداری و دارایی حكومەت و ئەزموونی تەسكی حزبایەتییەوەن، چونكە ئەوە بابەتی پێویستی ئەمڕۆ و قۆناغەكەیە، نەك ئەوەی ئەو برادەرە هەڵوێستبازانە دەمی لێ دەكوتن!

جا كەسێكیش كە نووسەر و رووناكبیری راستەقینە نەبێت، هەرگیز ناتوانێت نووسینی جددی بنووسێت، نووسینی جددیش بەو مانایە نا كە لەسەر ئیسلام و پیرۆزییەكانی مسوڵمانان بنووسێت و بتوانێت هەڵیان بووەشێنێتەوە، ئەوە كارێكە بە كەس نەكراوە تا بەو هەڵوێستبازانە بكرێت. ئەو كەسانەی ناویان لەسەر ئەو كتێبانە نووسراوە كە



ZAGROS WEBSITE

لەم ساڵانەی رابردوودا بڵاوكراونەتەوە، هەیانە فڕی بە زمانی عەرەبییەوە نییە، كەچی ناوی سەرچاوەی عەرەبیی و ئیسلامیی وا دەبات كە عەرەبیزانیش لە هەموویان ناگات و بۆ تەرجەمەكردنیان پەنا بۆ سەرچاوەكانی وەكو (المنجد) و فەرهەنگەكان دەبات، هەیانە ناوی سەرچاوەی ئینگلیزی دەبات و فڕی بەسەر زمانی ئینگلیزییەوە نییە، من ئاگادارم كە یەكێك لەوانەی بڵاوكردنەوەی ئەو جۆرە كتێبانە بۆتە پیشەی و لە كۆتایی كتێبەكانیدا ناوی دەیان سەرچاوەی دەگمەنی عەرەبی دەنووسێت، خۆی یان بە یەكێك لە منداڵەكانیدا، دەقی ئەو فەرموودەیەی پێویستیەتی بۆ ناو كتێبەكە، دەنێرێت بۆ لای مەلای مزگەوتی گەڕەكەكەیان تا بۆی بكات بەكوردی و لەسەر لاپەڕەیەك بۆی بنووسێت، ئەویش بەناوی ئەوەی ماموستا لە قوتابخانە داوای لێكردووە!! ئا بەو شێوەیە ئەو جۆرە كەسانە زانیاری كۆدەكەنەوە و لە پاشانیشدا كە قسە دەكەن، تەحەددای هەموو نووسەرانی جیهانی ئیسلامیی دەكەن كە بتوانن وەڵامیان بدەنەوە، بەڵام كە دێی پێیان دەڵێیت ئەوەی تۆ باست كردووە وانییە، وەكو بەفری بەر هەتاو لە بەردەمتدا دەتوێنەوە و هەرەس دەهێنن!

+ لەو كتێبانەی رابردوودا، تا چەند رەچاوی ئەخلاقی نووسین و بەرپرسیارێتیی نووسین كراوە؟

ـ عەرەب دەڵێت: "فاقد الشيء لايعطي". ئەوانە كە نووسەر نەبن و فڕیان بە سەر نووسینەوە نەبێت، ئیتر ئەخلاق و بەرپرسیارێتیی نووسینی چییان لە لا هەبێت؟! هەموو كارێك بەشی خۆی ئەخلاقی تێدا هەیە و دەبێت تیایا بێت و رەچاو بكرێت، هەر كاتێكیش سنووری ئەخلاقی هەر پیشەیەك، جا چ نووسین بێت یان سیاسەت یان هەر بوارێكی تر بەزێنرا، ئەوا چاوەڕێی كارەسات بكە. بێگومان لە ئاكامی بەزاندنی هەموو سنوورەكانی ئەخلاقی نووسین و رۆژنامەنووسیی، كە ئێستا لێرە خەریكە دەبێتە دیاردە و مۆدێل، بزانە "نووسەر" و "رووناكبیری" چۆن دروست دەبن و سەر دەردەهێنن؟! ئێستا لە هەموو كات زیاتر یاری بە پیشەی نووسین دەكرێت. ئاخر كاكە گیان، كە دەوترێت نووسین ئەخلاقی تیادایە، مەبەست ئەوەیە كە پیشەی نووسین بۆ كاری نادروست بەكار نەهێنرێت و نووسەر قەڵەمەكەی نەفرۆشێت، تۆ سەیركە، كێبوون ئەوانەی لە شەڕی ناوخۆدا رۆڵی سەرەكییان دەبینی؟ خەڵكی بە هۆی پەخشانی ورووژێنەری شاعیر و پەخشاننووسەكان و بابەت و بەیاننامەی نووسەر و رۆژنامەنووسە قەڵەمفرۆشەكانەوە كە لە رادیۆ و تەلەفزیۆنەكانەوە بە دەنگێكی زوڵاڵەوە دەخوێنرانەوە، دەچوون دەبوون بە پێشمەرگە و خۆیان بە كوشت دەدا، یان حەماسەتیان بەرز دەبوویەوە و ململانەی توندیان لە ناو كۆڵان و گەڕەك و تەنانەت لەنێو خێزانیشدا دروست دەكرد. ئێستاش كە تاكێك، دەستە گەنجێك یان شار و شارۆچكەیەك لەتاو گوێپێنەدان و كەمتەرخەمیی حكومەت بە خۆیان و ناوچەكەیان خۆپیشاندان ساز دەكەن و داوای مافی خۆیان دەكەن و بەو هۆیەوە حكومەت شەخسییەتی دەڕووشێت، كێن ئەوانەی بە تەنگ شاردنەوەی كەموكوڕییەكانی دەسەڵات و شاردنەوەی راستییەكانن لە هاوولاتیان؟ خۆ نووسەران و رۆژنامەنووسانی دەربار لە سەرۆكی حكومەت و سیاسییەكان زیاتر بە تەنگ خەفەكردنی راستییەكانەوەن. پێم ناڵێی ئەو وێنە ڤیدیۆیی و فۆتۆگرافییانە هی كێ بوون كە بە هۆیانەوە دەیان گەنج و هاوولاتی لە لایەن دەزگای ئاسایشەوە لە هەڵەبجە دەستگیر كران؟ ئەگەر رۆژنامەنووس و پەیامنێرانی دەربار ئەوەیان نەكردبێت؟! بگرە نووسەری دەرباری وا هەبووە، كە قەڵەمفرۆشتن و لادان لە ئەخلاقی نووسین لای ئەو گەشتووەتە ئاستێك كە لە بەرانبەر بەرگرییەكی كوێرانەی لە دەسەڵاتێكی گەندەڵ، بابەتی نووسیوە و هەر لە ناونیشانەكەیەوە تەحەددای خوای پەروەردگاری تێدا بووە و رۆڵی خوایەتی داوە بە حكومەت، داخۆ كام حكومەتیش؟!

ZAGROS WEBSITE

کاکە گیان، ئەو نووسەر و ڕۆژنامەنووسانەی لە شەڕی ناوخۆدا ڕۆڵیان هەبووە و قەڵەمیان فرۆشتبوو، هەر ئەوانەن کە ئێستاش لە قۆڵێکی ترەوە شەڕ لە پێناوی دەسەڵات و پارە و بەرژەوەندیدا دەکەن، یان بەرپرسەکانیان ئەم ڕۆڵەی ئێستایان پێ سپاردوون کە بریتییە لە نووسین لەسەر پیرۆزییەکانی مسوڵمانان. ڕووناکبیری حزبی وا هەیە کە شەرم لە پیشەکەی ناکات و ڕۆژێك قسە لە هەموو ڕێبازە فەلسەفییەکان دەکات، ڕۆژێك لە ڕاپەڕین و خوێنی شەهیدان، ڕۆژێك سەرکردەی سوپایەکی حزبییە لە شەڕی ناوخۆدا، شەوێکیش میوانی کەناڵێکی تەلەفزیۆنە وقسە لەسەر سینەمای کوردی دەکات، دواترین کارێکیش کە دەیکات دەبێتە سووری بەر لەشکری حزبەکەی و بەپشتیوانی جەماوەرە حزبییەکەی جاڕی مەرگی بەرانبەرەکەی دەدات و دژی داوا ڕەواکانی خەڵکی خۆپیشاندان دەکات!

**+ بە تایبەت ڕۆڵی دەسەڵات لەم بوارەدا چییە؟ پشتگیرە یاخود بێلایەن؟**

ـ هەر چەندە لە میانەی وەڵامی پرسیاری یەکەمدا وەڵامی ئەم پرسیارەش هەیە، بەڵام پێم خۆشە بە یەك دوو زانیاریی ترەوە ئەم پرسیارە جارێکی تر وەڵام بدەمەوە. دەسەڵات نەك لەم بوارەدا ڕۆڵی هەیە، بەڵکو خۆی خاوەنی پرۆژەکەیە و ئەو ڕۆڵ بە خەڵکانی دی دەبەخشێت. من بەرپرسی باڵای حزبیی وا دەناسم خۆی چاپخانەی دانابوو هەرچی کتێبە گەندوگووەکانە لای ئەو چاپ و بڵاو دەکرانەوە، بەرپرسی باڵای حزبی هەیە کە خۆی بە شەخسی تەدەخولی کردووە بۆ وەرگرتنی ژمارەی سپاردنی یەکێك لەو کتێبانەی هەستی هەموو مسوڵمانێك و نووسەرێکی ڕاستەقینەشی بە ئیسلامیی و عەلمانییەوە بریندار کردووە. یەکێك لەو نووسەرانەی نووسینی زۆر ناماقوڵ و نازانستی لەسەر کەسایەتیی پاکی پێغەمبەر (ص) بڵاوکردۆتەوە، کاتێك لە هەندەرانەوە بە میوانی هاتۆتەوە کوردستان، لە ماوەی مانەوەیدا لە کوردستان، لە یەکێك لە ئوتێلە بەناوبانگەکاندا میوانی بەرپرسێکی هەرە باڵای حزبێکی دەسەڵاتدار بووە، لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەی لەوێ مابوویەوە، وەکو بۆ یان گێڕاومەتەوە، نزیکەی حەوت هەزار دۆلار بڕی خەرجییەکەی بووە، خزم و کەسە نزیکەکانیشی چوون لەسەر حسابی ئەو لەو ئوتێلە مەسرەفیان کردووە! ئەمە ئەگەر دەسەڵات خۆی خاوەنی ئەو پرۆژانە نەبێت، ئەی کێ دەتوانێت ئەوکارانە بکات و پارەیەکی زۆریان بۆ خەرج بکات و چەندین ناوەندی بەناو ڕووناکبیرییان بۆ بکاتەوە؟ دەسەڵات بۆ ئەو ڕووناکبیرانەی سەر بە خۆین و ئامانجەکانی پێیان دێتە دی، باڵەخانەی وا گەورەی کردووەتەوە کە ڕەنگە لە داهاتوودا خەڵکی وا بزانن ئەوە باڵەخانەی ئەنجومەنی وەزیرانە یان باڵەخانەی وەزارەتە! من ئاگادارم سەنتەری وایان هەیە بە سەدان هەزار دۆلاریان بۆ داوە بە چاپخانەی ئەخیر مۆدێل و لە وڵاتانی ئەوروپییەوە بۆیان دەهێنن، کەچی سەنتەر و خانەی واش هەیە کە سەربەخۆیە و کاری جدی دەست داوەتێ، خاوەنەکەی چەند ژوورێکی ماڵەکەی خۆی بۆ تەرخان کردووە.

دەسەڵات یان حکومەت هەرگیز لەم مەسەلەیەدا نەیتوانیوە بێلایەن بێت، بەڵکو ئایدیۆلۆجیایەکی تەبەنی کردووە کە ئایدیۆلۆجیای حزبی دەسەڵاتدارە، ئەگەر نا، دەبوایە وەزارەتی ڕۆشنبیری لانیکەم لە پێدانی ژمارەی سپاردنی ئەو کتێبانەدا سەیری بکردایە کە کامەیان یاسای چاپەمەنییەکان پێشێل دەکات و لە ئادابی عاممە و ئەخلاقی نووسین لای داوە، ئەوا ژمارەی سپاردنی نەداتێ، یا بەرپرسی باڵاش تەدەخولی تێدا بکات، ئەوەش نەك وەکو دانانی سانسۆر لەسەر نووسینەکان، نەخێر، بەڵکو لە پێناوی پاراستنی پرۆسەی نووسین و لێکۆڵینەوەی زانستی وجدی. بەڵام بە داخەوە کە وانییە.



ZAGROS WEBSITE

**+ لە ئاستی جیهانییدا (لە وڵاتانی عەرەبی بێت یان ئەورووپی)، لە لایەن کۆمەڵێك نووسەر و بیرمەندەوە قسەکردنێك هەیە لەسەر ئیسلام، ئەمەی کوردستان کۆپی و لاساییکردنەوەی ئەو ڕەوتەیە یاخود جیاوازترە؟ ئەی جیاوازییەکان چین؟**

ـ بەڵێ، لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامییدا قسەکردن لەسەر ئیسلام هەیە، حاڵەتەکە زۆر کۆنتریشە لەوێ لە چاو کوردستاندا، ئەوەی ئێرەش لاساییکردنەوەیەکی کوێرانەی ئەوانە، لە لایەك نووسینەکانی ئێرە هەمووی وەرگێراو و دزراوی ئەو نووسینانەی ئەوانن، لە لایەکی تریش گەر نووسەرێکی عەرەبی بە پاڵنەری لێکۆڵینەوە ئەو کارە بکات، ئەوا ئەوەی ئێرە بۆ مەبەستی ئایدیۆلۆژی و حزبی ئەوە دەکات، خۆزگە ئەوانەی ئێرە نیو هێندەی ئەو نووسەرە عەرەبی و عەجەمییانە شتیان پێ بایە و شتیان بخوێندایەتەوە و کەسایەتییان هەبوایە، من بیستوومە کە هادی عەلەوی لەگەڵ ئەوەی ئەو هەموو نووسینە ناڕەوا و ناشایستانەی هەیە، لە کاتێکدا بێپارە و سامان بووە و بە پێ هاتوچۆی کردووە، ئامادە نەبووە پارەی براکەی وەربگرێت، چونکە براکەی دەسەڵاتدار و پیاوی دەسەڵات بووە، کە چی ئەوانەی ئێرە هەر کە پارە و سامانیان دی، خۆیانی بە قوربان دەکەن!

**+ لە هەر یەك لەو کتێبانەدا ناوی ژمارەیەکی زۆر سەرچاوەی جۆراوجۆر نووسراوە، تاچەند ئەو نووسەرانە راستگۆیانە مامەڵەیان لەگەڵ ئەو سەرچاوانەدا کردووە؟ مەرجەکانی لێکۆڵینەوەی مێژوویی چین؟**

ـ زۆربەی زۆری ئەو سەرچاوانە، ئەگەر نەڵێم هەموویان، خاوەنی کتێبەکە هەر نەیبینیون، ئەمەش قسەیەك نییە لە خۆوە فڕێی بدەم، ئەمە بۆتە مۆدیلێك و زۆرێك لەو فس فس پاڵەوانانە ئەمە پیشەیانە. ڕسواییەکە بە تەنها لەوەدا نییە کە ئەو جۆرە کەسانە ناوی سەرچاوەکان دەهێنن بە بێ ئەوەی نەیان دیبێتن، بەڵکو ئەو نموونانەشی دەیهێننەوە و بۆ پۆز لە پەراوێزی لاپەڕەکەدا ناوی سەرچاوەیەك دەهێنن و یەکێك لەو بەڵگانەی دەدەنە پاڵ، بە هیچ شێوەیەك لەو سەرچاوانەدا ئەو بەڵگەیە نە هاتووە و نە ئاماژەشی پێکراوە، دیسان ئەمەش قسەیەك نییە کە من لە خۆمەوە بیکەم، بەڵکو زۆر بە جوانی لە زیاد لە چەند نووسیندا تاقی کراوەتەوە، بۆ نموونەش دەتوانن بچن سەیری یەکەمین بەرهەمی پرۆژەی (تیشك) بکەن بەناوی (بە ئیسلامکردنی کورد، ماستەرنامە یان هەڵنامە؟) لەنووسینی برای بەڕێز کاك فازڵ قەرەداغی، هەروەها بڕواننە کتێبەکەی تری نابراو لە ژێر ناوی (مێژووی دێرینی کوردستان، بەشێکی کەم لە هەڵەکانی کتێبی (ظهور الکرد في التأریخ)). ئەمە وەکو دوو نموونەی بەردەست، ئەگینا دەیان نموونەی ترمان لە بەردەستدایە، کە من خۆشم چەندین حاڵەتی وام بەرچاو کەوتووە و لێرەدا جێگەی باسکردنی هەموویان نییە.

ئەوەی پیشەی ئەو کۆلکە نووسەرانەیە ئەوەیە کە سەرجەمی نووسینەکەیان (کە جاری وا هەیە لە سێسەد لاپەڕە تێدەپەڕێت!) لە یەك دوو کتێبەوە وەردەگرن و بە سەقەتی وەریان دەگێڕنە سەر زمانی کوردی و بەناوی خۆیانەوە و لە ژێر ناوی لێکۆڵینەوەی ورد و بە پێزدا بۆیان بڵاو دەکرێتەوە. لەو مەیدانەشدا کە ئێمە ئێستا قسەی لەسەر دەکەین و بریتییە لە نووسین لەسەر پیرۆزییەکانی مسوڵمانان، بەتایبەت پشت بە نووسینی چەند نووسەرێکی فارسی و عەرەبی و بیانی دەبەسترێت، بۆ نموونە" کتێبەکانی: حسێن مەروە (بە تایبەت هەر دوو بەرگی "النزعات المادیة في الفلسفة العربیة الاسلامیة")، خەلیل عەبدولکەریم (بە تایبەت کتێبی "مجتمع یثرب، العلاقة بین الرجل والمرأة في عهدین المحمدي والخلیفي")، نەسر حامد ئەبوزەید، دکتۆر کامیل ئەلنەجاڕ، هادی ئەلعەلەوی، تەسلیمە

ZAGROS WEBSITE

نەسرین، نەوال سەعداوی، دکتۆر شاکر نابولسی و موحەممەد ئارکون، ئەمە لەگەڵ چەندینی تردا کە من لێرەدا ناوەکانیانم لە خەیاڵدا نییە.

ئەو کۆلکەنووسەرانەی لای خۆمان دێن و بەرهەم و نووسینەکانی ئەوان وەردەگێڕنە سەر زمانی کوردی و بەناوی خۆیانەوە بڵاوی دەکەنەوە، ئیتر خۆتان ئەمە ناو دەنێن چی بینێن، ناوی دەنێن دزی ئەدەبی یان لادان لە ئەخلاقی نووسین یان خراپبەکارهێنانی سەرچاوە، خۆتان وەکیل بن، گرنگ ئەوەیە ئەمە پیشەی ئەو کەسانەیە. دیاردەی دزینی ناوەرۆکی نووسینی خەڵکانی تریش دیاردەیەکی تازە نییە، هاوڕێیەکم کە دەرچووی یەکێك لە زانکۆ دیارەکانی وڵاتێکی رۆژئاوایە، رۆژێکیان پێکەوە گفتوگۆمان لە بارەی ئەو دیاردەیەوە دەکرد، وتی ئێستا لە رۆژئاوا باس لەوە دەکرێت کە شکسپیر نووسینی کەسانی تری دزیوە. هاوڕێیەکی ترم وتی لەو کتێبەی جۆرج تەرابیشیا کە وەکو وەڵامێك بۆ نووسینەکانی موحەممەد عابید ئەلجابری نووسیویەتی، ئاشکرای کردووە کە جابریش پەنای بۆ دزینی نووسینی کەسانی غەیری خۆی بردووە و ئەمەشی بە بەڵگەوە سەلماندووە. تا ئەو رادەدەیەی من بۆ خۆم چەند مانگێك بەر لە مردنی پاپا یوحەننا پۆڵسی پاپای پێشووی ڤاتیکان، لە کەناڵێکی راگەیاندنەوە گوێبیستی هەواڵێك بووم کە ناوەرۆکەکەی بریتیبوو لەوەی کاتێك پاپای ناوبراو گوتاری بۆ ژمارەیەك لە ئافرەتان داوە، لە میانەی ئەو گوتارەیدا دێڕێکی وتووە، کە دواتر یەکێك لە نووسەرە رۆژئاواییەکان چووە لە دادگا شکاتی کردووە بەوەی پاپا ئەو دێڕەی لە کتێبێکی ئەمەوە بردووە و ئاماژەی بە ناوی خاوەنەکەی نەکردووە!

سەبارەت بەو بەشەی تری پرسیارەکەت کە دەڵێت: مەرجەکانی لێکۆڵینەوەی مێژوویی چین؟ من ناتوانم لێرەدا هەموویانت بە شێوەیەکی زانستیانە بۆ بەیان بکەم، بەڵام ئەوەی بە پێویستی دەزانم بیڵێم ئەوەیە کە دەبێت بێلایەنی یەکەمین خاسیەتی نووسینی مێژوویی بێت و بابای مێژوونووس نابێت بە لایەنگیری و بڕیاری پێشوەختەوە مامەڵە لەگەڵ رووداوەکاندا بکات، کە بێگومان ئەمە یەکەمین خاڵێکی رەشە لەسەر ئەو کەسانە تۆمارکراوە کە لە کوردستان کتێب و نووسین لەسەر مێژووی ئیسلامیی (بە بارە سلبییەکەیدا) بڵاو دەکەنەوە.

من هێندەی موتابەعەی ئەو نووسینانەو ئەو دیاردەیەم کردبێت، چەند خاڵێکم لەسەریان تۆمار کردووە کە بە شێوەیەکی گشتی لە هەموویاندا بەدییان دەکەم و بوونەتە خاسیەتەکانی ئەو جۆرە نووسینانە و پێچەوانەی مەرجەکانی لێکۆڵینەوەی مێژوویین، ئەوانیش بریتین لە:

**یەکەم:** ئەم نووسینانە بە بڕیارێکی فیکریی پێشوەختەوە دەنووسرێن و نووسراون و لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەکادیمی و گەشتن بە راستییەکان و یەکلاییکردنەوەیان نانووسرێن، بڕیاری پێشوەخت بەرانبەر ئیسلام و خواو پێغەمبەر (ص) و مێژووی ئیسلامیی.

**دووەم:** خوێندنەوەی مادییانە بۆ مێژوو، بە تایبەت بۆ مێژووی ئیسلامی، کە ئەمەش لە لێکۆڵینەوەی مێژووی ئیسلامییدا دەبێتە کارێکی نازانستی و ناماقوڵ، چونکە مێژووی ئیسلامیی ئەو مێژووە نییە کە مارکس و کێ و کێ باسی دەکەن، یان ململانەی چینەکان نییە، بەڵکو ئەو مێژووە لایەنی غەیبی و نادیار چەندین رووداوی تیا خولقاندووە و کەسێك باوەڕی بە غەیب نەبێت، ناتوانێت خوێندنەوەی زانستیانە بۆ مێژووی ئیسلامیی بکات. من کە لێرەدا دەڵێم خوێندنەوەی ئەو نووسەرانە بۆ مێژوو، مەبەستم زیاتر لە نووسەرە غەیرە کوردەکانە، چونکە ئەوانەی لای خۆمان زۆر لەوە کەمتر و بێتواناترن کە بتوانن خاوەنی خوێندنەوەی خۆیان بن بۆ مێژوو، بەڵکو مەبەستم لە

ZAGROS WEBSITE

بیری فارس و عەرەب و بیانییەکانە کە هەندێکیان خۆیان بە مارکسی و هەندێکی تریشیان خۆیان بە "چەپی ئیسلامیی" ناو دەبەن.

سێیەم: ئەو کەسانە خوێندنەوەی مۆدێرنانە بۆ مێژوو دەکەن، واتە ڕووداوەکان نابەنەوە سیاقی خۆی و حوکمی ئێستاییانەیان بە سەردا دەدەن. ئەمەش وای لێکردوون ڕووداوەکانیان زۆر لە لا گەورە ببێت، یان کە باسی کۆڕ و کۆمەڵەکان یان بیری زانایەکی ئیسلامی لە بەرانبەر زانایەك و بیریارێکی تردا دەکەن، هێندەی ئاسمان و ڕێسمان نێوان و جیاوازی دەخەنە نێوانیانەوە. مێژوونووسی لێهاتوو پێچەوانەی ئەم کارانە دەکات، ئەو ڕووداوەکان بە شێوەی بابەتییانە دەخوێنێتەوە و کە باسی بیر و نووسینەکانی زانایەك دەکات، یان کە باس لە ڕەوتی فیکریی کۆمەڵێك دەکات لە مێژووی ئیسلامییدا، یان کە دێت و بابەتی پەیوەندیی نێوان عەقڵ و نەقڵ دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، نایەت و بڵێت ئەوە هێندەی ئاسمان و ڕێسمان لە نێوان فیکری موعتەزیلە و فیکری ئیبن حەزمی زاهیریدا هەیە، ڕەوتی موعتەزیلە بەو پێیەی عەقڵ پێش نەقڵ دەخات و ئیبن حەزمیش پێی وایە کە واجبە دەقەکانی قورئانی پیرۆز بە شێوە زاهیرەکەی وەر بگیرێن و لە تەئویلکردن بەدوور بگیرێن. لێکۆڵەری زانستی دێت و دەڵێت: "دەبێت ئەو هەڵوێستەی موعتەزیلە بەپێی ئەو هەلومەرج و بارودۆخە لێی تێبگەین کە تیایدا ژیاون، ئەگەر شێوازی بەرگرییکردنیان بریتی بووە لە شێوازی عەقڵی، ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەرانبەرەکانی موعتەزیلە پابەند نەبوون بە نەقڵەوە و پێویست بووە کە لەسەر بنەمای عەقڵ گفتوگۆیان لەگەڵ بکرێت.."، هەروەها "لای موعتەزیلە پێشخستنی عەقڵ بەسەر نەقڵدا پێشخستنێکی تەشریفاتی نییە، بەڵکو پێشخستنێکی تەرتیباتییە.. چونکە خوای گەورە موخاتەبەی عەقڵ دەکات و بە هۆی عەقڵیشەوەیە کە قورئان و هەروەها سوننەت وئیجماعیش حوججەتن. کەسێکیش کە لە دەرەوەی مزگەوتەوە دەچێت بۆ مزگەوت، بێگومان دەبێت بەهۆی ڕێگەوە بگاتە مزگەوتەکە، بە ڕۆشتنیش بە ڕێگەدا بۆ مزگەوت مانای وانییە کە ڕێگەکە بە فەزڵ و تەشریفترە لە مزگەوتەکە، بەڵکو ئەمە تەرتیبکردنێکی مەنتیقییانەی کارەکانە". هەر ئەو لێکۆڵەرە جدییە لە بارەی بیری ئیبن حەزم و زاهیرییەکانیشەوە دەڵێت: "ئەو هەڵوێستەی ئیبن حەزم لە کاتێکدا بووە کە دەعوەی فاتمی – کە هەندێکجار بە دەعوەی باتنی یان دەعوەی ئیسماعیلی ناو دەبرێت – لە ئەوپەڕی هێز و بڵاوبوونەوەیدا بووە لە وڵاتانی مەغریبی عەرەبی و ئەفریقای باکووردا.. بێگومان باتنییش یەکێکە لە فیرقە دەرچووەکان لە ئیسلام و ئەوانەی بناغەی ڕێبازی باتنییان داناوە نەوەکانی مەجووس بوون و مەیلیان بۆ دینی پێشینەکانی خۆیان هەبووە و ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (ص)یان لەسەر ڕەزامەندیی بنەما ئەساسییەکانی خۆیان تەئویل دەکرد.. ئیبن حەزمیش ئەمەوی بووە و ئینتیمایەکی زۆری بۆ دەوڵەتی ئەمەوی هەبووە.. هەربۆیە، ئەم هەڵوێستەی زاهیرییەکان و ئیبن حەزم لە دژی ئەو ڕەوتە لادەرە کە بنەماکانی ئیسلامیان لەسەر بناغەی شیرك لێکداوەتەوە، جێگەی سەرسوڕمان نییە و لە جێگەی خۆیدا بووە، هەروەها نابێت وا لە هەڵوێستی حەقیقیی ئیبن حەزم بگەین کە بەهۆی دەستگرتنی بە زاهیری دەقەکانەوە، ئیتر عەقڵی ئیلغا کردۆتەوە، ئەو وەکو بیریارێکی مسوڵمان هیچ کات ئینکاری عەقڵی نەکردووە..". کەواتە ئەگەر لێکۆڵەر ئاوا لە ڕووداو و کۆمەڵ و ڕەوتە فیکرییەکان بکۆڵێتەوە و توێژینەوەی وردیان بۆ بکات، نەك هەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و بەپێز دەهێنێتە دەرەوە، بەڵکو دەگاتە ئەو دەرئەنجامەشی کە دەبێت بە تێڕوانینێکی نزیککارانەوە بۆ ڕەوتە فیکرییەکان بڕوانین و ڕووداوەکانیش لە شوێنی خۆیاندا بخەینە بەر باس. یەکێکیش لەو کتێبە نایابانەی لەو بوارەدا بەرچاوم کەوتوون و خوێندوومەتەوە، کتێبی "القرآن والنظر

العقلي"ی فاتیمە ئیسماعیل موحەممەد ئیسماعیلە، كە لە بنەڕەتدا نامەی ماستەرە و بە كتێبێكی قەبارە ٣٥٢ لاپەڕەیی، "پەیمانگای جیهانیی بۆ فیكری ئیسلامیی" بڵاوی كردۆتەوە، ئەو قسە و باسانەشی لەسەرەوە لەسەر موعتەزیلە و زاهیرییەكانەوە وتوومە، بیروڕای نێو ئەو كتێبەن.

چوارەم: ئەم نووسینانە، بەڵگەكانیش بە ئەمانەتەوە بە كار ناهێنن و بە شێوەیەك دەیانخەنە روو كە چەواشەی خوێنەری پێ بكەن. بۆنموونە كاتێك باس لە فەرمایشتێك دەكەن كە هەندێك كردەوەی ناشرینی بەر لە هاتنی ئیسلام لە نیوە دورگەی عەرەبیدا باس دەكات و پاشانیش دەڵێت كە كاتێك ئیسلام هات، هەموو ئەو دیاردانەی بنەبڕ كرد، كاكی نووسەر ئەو بەشەی كۆتایی فەرموودەكە دەقرتێنێت و ئەوەی باسە لە مەزنی و كاریگەرییە ئیجابییەكانی ئیسلام ، ئەو زۆر بە ویژدانبیمارانەوە دەیقرتێنێت، بە دەیان نموونەش لەم حاڵەتە لەو جۆرە كتێبانەدا هەن، بە تایبەتیش لە كتێبە پەڕپووتەكەی "سێكس و شەرع و ژن"دا. یان ئەگەر بێیت و سەرجەم ئەو حاڵەتە سلبییانەی ئەوان باسی دەكەن، كۆ بكەیتەوە و سەرژمێرییان بكەیت، دیسانەوە پەڕپووتی نووسینەكانیانت بۆ دەردەكەوێت، با من یەك نموونەی زۆر گرنگت بۆ بهێنمەوە: نووسەرێكی عەرەبی بە ناوی موحەممەد ناهیزەوە بابەتێكی لەسەر كتێبەكەی خەلیل عەبدولكەریم (مجتمع يثرب، العلاقة بين الرجل والمرأة في عهدين المحمدي والخليفي) نووسیوە، یەكێك لەو رەخنە جدییانەی لەسەر ناوەرۆك و بەڵگەكانی نێو كتێبەكە دەیگرێت ئەوەیە كە سەرجەمی ئەو نموونانەی خەلیل هێناونیەتەوە، كەمتر لە پەنجا رووداوە لەسەر ئاستی هەر دە ساڵەكەی ئەزموونی دەسەڵاتی ئیسلامیی لە مەدینە لە سەردەمی پێغەمبەردا (ص)، واتە كەمتر لە پێنج رووداو لە ساڵێكدا، لە كۆمەڵگەیەكدا كە هەر خەلیل خۆی لەو كتێبەدا دەڵێت زیاتر لە سەدو چل هەزار كەس بووە، واتە رێژەی مومارەسە نادروستەكان كەمتربوون لە ٠,٠٠٥٪ ! ! كەواتە چۆن دەتوانرێت بەو رێژە زۆر كەمە حوكم بدەیت بەسەر ٩٩,٩٩٥٪ی كۆمەڵگەدا، ئەم ئسلوبەش پێچەوانەی ساناترین بنەماكانی كۆمەڵناسی و زانستی ئامارە، ئەمە كە لەسەرووی هەمووشیانەوە پێچەوانەی مەرجەكانی لێكۆڵینەوەی مێژووییە. لە كاتێكدا تۆ گەر رێژەی ئەو تاوانانە وەربگریت كە لە كۆمەڵگەیەكی ئەمریكی یان رۆژئاواییدا نەك ساڵانە، بەڵكو سەعاتانە روودەدەن، ئەوا تف لە هەر بێویژدانییەك دەكەیت كە بەرانبەر ئەزموونی دەوڵەت و دەسەڵاتی ئیسلامیی دەكرێت.

**+ میدیای كوردی (بە ئەهلی و رەسمییەوە) لەم بوارەدا رۆڵی گەورەكردن یاخود بچووككردنەوەی ئەو سەرچاوانەی بینیوە؟ كاریگەرییان چۆن بووە لەسەر جەماوەر؟**

ـ جارێ ئەو كتێبانەی باسیان دەكەین سەرچاوە نین، بەڵكو تەنها پەیوەندیی نێوان ئەوان و سەرچاوەكان هەر كاغەز و مرەكەبە، كە هەردووكیانی پێ نووسراو و چاپكراون ! پاشانیش لە كوردستان میدیای ئەهلی زۆرزۆركەمە، ئەوەشی هەیە تەنها لەسەر ئاستی نووسراوە. جا ئەوەی بە راستی ئەهلی بووە یان ئەو نووسەر و رووناكبیرانەی تاراددەیەك نەوعین و بابەتییانە دەنووسن، رۆڵی گەورەنەكردنی ئەو جۆرە نووسینانە و خاوەنەكانیان داوە. راگەیاندنە رەسمییەكان لە خزمەت ئەو جۆرە نووسینانەدا بوون، بگرە یەكێك لەو هۆكارانەی شانبەشانی ئەم هەڵمەتی نووسین و بڵاوكردنەوەیە خراوەتە گەڕ، پروپاگەندەیە، هەر ئەو پروپاگەندەیەیە كە دەزگا و دامەزراوە رەسمییەكان بۆ پێكانی ئەو مەبەستانەی خۆیان پەنای بۆ دەبەن و نووسەری ئەو كتێبانەمان لێ دەكەنە فریادڕەس و "فریشتەی ئازادی"، هەر ئەوان ماشێنی پروپاگەندەیان بۆ پاڵەوانەكانی ئەو مەیدانی جەهلە خستۆتە كار و بە

ZAGROS WEBSITE

پارە و زەمینەسازیی راگەیاندن، بگرە بە بە کارهێنان و ئیستیغلالکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەتیش بە زۆر بە بیرکردنەوەی خەڵکیدا دەیان نووسێنن و دەیان کەنە مەرجەعێکی باڵای نووسین و لێکۆڵینەوە، ئەم حاڵەتەش تەنها بەرۆکی مێژوو کەلتوور و کەلەپووری ئیسلامیی نەگرتووە، بەڵکو لە پێشدا بەرۆکی هەموو نووسینێکی جددی گرتووە. پڕوپاگەندە رەسمییەکان کارێکی وایان کردووە، هەندێك کەسیان هێندە گەورە و فوو تێکردووە، بچووککردنەوەیان، یان خوێندنەوەی رەخنەییانە بۆیان دەبێتە مایەی دۆشدامانێکی گەورە، با من بۆ ئەمەش نموونەیەکت بۆ بهێنمەوە کە پێشتریش لە یەکێك لە نووسینەکانمدا پشتم پێ بەستووە: دکتۆر موحەممەد بن حامید ئەلئەحمەری لە نووسینێکیدا بەناوی"محمد اركون و معالم أفكاره" دەڵێت: یەکێك لە ژنە رۆژهەڵاتناسەکان، وەکو سکالایەك لە حاڵی رۆشنبیریی عەرەبی دەڵێت: "تا ئێستا ئەدۆنیس هیچی نەوتووە، بەڵام لۆبیی ئەدۆنیسی ئەو گرنگییەیان پێدا (واتە گەورەیان کرد)"! من بۆ ئەم قسەیەم نموونەی زۆرم لە کوردستاندا لە بەردەستدایە، بەڵام لەبەر چەند هۆیەك نموونەی دەرەوەی کوردستان دەهێنمەوە، دیارترینی ئەو هۆکارانەش ئەوەیە، ئەوەی من لێرەدا ناویم هێناوە، پاڵەوانەکانیی نەفامیی لە کوردستان خۆیان بە قوتابیی قوتابییەکەی دەزانن.

بێگومان راگەیاندن و پڕوپاگەندە کاریگەریی خۆیان لەسەر جەماوەر بەجێ دەهێڵن، بەڵام کە کار هاتە سەر دەستبردن بۆ پیرۆزییەکانی مسوڵمانان و زۆرینەی زۆری دانیشتوان، ئەوا کارەکە پێچەوانە دەبێتەوە و تووڕەیی جەماوەری مسوڵمان ئەو راگەیاندنانە شەرمەزار دەکات.

**+ ئایا نەبوونی دەزگای باڵای زانستی و جددی و کەمیی ئاستی رۆشنبیریی جەماوەر، هۆکار نین بۆ بڵاوبوونەوەی ئەو جۆرە نووسینانە؟**

ـ بێگومان هۆکارن، دەبێت ئەوەش بپرسین کە ئایا کێیە وا دەکات دەزگای باڵای زانستیمان نەبێت؟ یان ئەوەشی هەمان بووە کێ لە کاری خستووە؟ بێگومان ئەوەش هەر دەسەڵات و حزبە باڵادەستەکان کردوویانە، چونکە ئەوان کاریان بە کەسانی جاهیل دەڕوات و نانیان لە بازاڕی جەهلدایە، خۆ ئەو لایەنانە بە تەنها مەکتەب و رێکخراوە حزبییەکانی خۆیانیان بەو دەردە نەبردووە، بەڵکو تۆ بۆ زانکۆکان بڕوانە، هێندەی بوونەتە شوێنگەی حزبایەتییکردن و خەتخەتێن و دامەزراندنی ئەم مامۆستا و دەرکردنی ئەو مامۆستا لەسەر بنەمای تەسکی حزبی، نیو هێندە و بگرە زۆر کەمتریش نەبوونەتە جێگەی بە دەستهێنانی زانست و زانیاریی، جاری وا هەیە سەرۆکی زانکۆیەك بە شێوەیەك رەفتار و مامەڵە لەگەڵ قوتابیانیدا دەکات، رەنگە کەم پۆلیس و ئاسایش هەبن بەو شێوەیە کاردانەوەیان هەبێت، تۆ زانکۆکەت کە بە باڵاترین دامەزراوەی ئەکادیمی دادەنرێت، بەو شێوەیەی لێ بەسەر بێت، ئیتر دەبێت ئاییندەی کاری ئەکادیمی و زانست و زانیاریی بە کوێ بگات؟! دەبێت چ دڵێکت پێی خۆش بێت کە قوتابیی ماستەر بتوانێت مامۆستاکان و سەرپەرشتیارەکەی خۆی هەڵخەڵەتێنێت و بە نامەیەکی ساختە پلەی نایاب وەر بگرێت و دوای ئاشکرابوونیشی، زانکۆ بڕوانامەکەی لێ نەسەنێتەوە؟! کە دامەزراوەی زانستی و ئەکادیمی ئاوا سووك و رسوا کرا، ئیتر هەموو کەس دەبێتە مامۆستا و موشریفی خۆی و بە ئارەزووی خۆی نووسین بڵاودەکاتەوە و گوتار دەدات و کەسێکیش نییە لێی بپرسێتەوە، ئەوانەشی بە حەقیقەت خولیای خوێندن و دەستخستنی زانست و مەعریفەیان هەیە، تووشی شۆك و رەشبینی دەبن و نازانن بۆ خوێندن و دەستخستنی زانست روو لە کوێ بکەن. هەروەها تۆ بۆ یەکێتیی نووسەران بڕوانە، پاش ئەوەی شەڕی ناوخۆ و حزبایەتی دوو کەرتی کرد، هیچ یەکێکیش لە کەرتەکان بۆ خۆیان کارێکی ئەوتۆیان نەکردووە شوێندەستی خۆیان دیاری بکەن و لە ئاست بەرپرسیارێتیی



ZAGROS WEBSITE

خۆیاندا بن. لەم ماوەیەی رابردوودا هاوڕێیەكم وتی بۆ كارێك چەندین رۆژ رووم كردە بینایەی یەكێتیی نووسەران، دەبینم كەس دەوامی لێناكات و دەرگاكەی قوفڵێكی گەورەی پێوەیە ! ! ئەوە تۆ باسی كۆڕی زانیاریی كورد هەر مەكە، كە كەسێكی وەكو فەرهاد شاكەلی ناوی لێناوە "گۆڕی زانیاریی كورد" ! !

**+ سەرهەڵدانی ئەم جۆرە نووسینانە (كە لەسەر هێما و كەسایەتییە مسوڵمانەكان و مێژووی ئیسلام دەنووسرێن) شتێكی نوێیە یان بە درێژایی مێژووی ئیسلام هەر هەبووە؟ ئەگەر هەبووبن، هەڵوێستی دەسەڵاتدارانی ئیسلامی چۆن بووە لە ئاستیاندا؟**

ـ لە سەرەتای وەڵامەكانمدا كورتە باسێكی كاتی سەرهەڵدانی ئەو جۆرە نووسین و دیاردەیەم كرد، وابزانم پێویست ناكات لێرەدا دووبارەی بكەمەوە، بەڵام گەر تۆ مەبەستت لە مێژوویەكی كۆنترە و دەتەوێت بگەڕێیتەوە بۆ سەرەتای دروستبوونی قەوارەی ئیسلامیی و بڵاوبوونەوەی دەسەڵاتی ئیسلامیی، ئەوا ناتوانین بڵێین كە بەم شێوەیەی ئێستا نووسین لەسەر هێما ئیسلامییەكان هەبووە، بۆ نموونە كە نووسینێك یان كتێبێك لەسەر كەسایەتییەكانی وەكو خەلیفەكانی راشدین و ئەوانەی دواتریش نووسرا بێت، یان لەسەر زانایانی ئیسلامیی كۆن، بەڵام دەتوانین بڵێین كە لە میانەی بەڕێوەبردنی كاروباری مسوڵماناندا، خەلیفەكان رەخنەیان لێ گیراوە، ئەویش زیاتر لە لایەن مسوڵمانان خۆیانەوە بووە و بە مەبەستی راستكردنەوەی هەڵەیەك یان بڕیارێكی هەڵە بووە. بە تایبەت ئەگەر سەیری كاربانەوە و هەڵوێستی خەلیفەكانی راشدین بكەین، نموونەی زۆر سەرسوڕهێنەر و پرشنگدار دەبینین، یەكەمین رێنماییەك كە ئەو خەلیفانە لە گوتاری دەستبەكاربوونیاندا بە مسوڵمانانیان راگەیاندووە، بریتی بووە لەوەی ئەگەر هەڵەیەكیان كرد راستیان بكەنەوە و ئاگاداریان بكەنەوە، زۆربەشمان ئەو گوتە بەناوبانگەی خەلیفە ئەبوبەكرمان لە بیردایە كە فەرموویەتی: "رحم الله لمن أهدى اليّ عيوبي". پێم وایە نموونە لەم بارەیەوە زۆر زۆرن و هەموو كەسێكیش بەشێكی زۆریانی بیستووە، لەبەر ئەوە بە پێویستی نازانم زۆر لەسەری بڕۆم.

**+ ئەی باشە سنوورەكانی ئازادیی رادەربڕین لە یاسای ئیسلامییدا كامانەن؟**

ـ لە ئیسلامدا بابەتی ئازادیی رادەربڕین بە تەنها نەهاتووە، بەڵكو لە كتێبە ئیسلامییەكاندا، بە تایبەت ئەوانەیان كە لەسەر سیستمی سیاسی و فەرمانڕەوایی ئیسلامیی نووسراون، لە میانەی باسێكدا هاتووە كە پێی دەڵێن "ئازادییە گشتییەكان". لەو باسەدا، هاوشانی ئازادیی رادەربڕین، ئازادیی بیروباوەڕ، موڵكداری و نیشتەجێبوون و چی و چی تر هاتوون. ئیسلام بەر لەوەی مافی بە مرۆڤ دابێت كە رای خۆی دەربڕێت، مافی هەڵبژاردنی بیروباوەڕی داوەتێ (وَقُلِ الْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ فَمَن شَاء فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاء فَلْيَكْفُرْ..) (الكهف: ٢٩)، كە بەڕای من ئەم جۆرەی ئازادی، بناغە و بنەڕەتی هەموو ئازادییەكانی ترە، بە تایبەتیش ئازادیی رادەربڕین، چونكە گەر مرۆڤ خاوەنی بیروباوەڕ نەبێت، ئەی بە هۆی چییەوە خاوەنی را دەبێت؟ پاشانیش كە تۆ مافی بیر و عەقیدەی جیاوازت دایە، بە شێوەیەكی ئۆتۆماتیكی مافی ئەوەشت داوەتێ رای خۆی لە بارەیەوە دەر ببڕێت.

دواتر ئیسلام ئەو سنوورەی بۆ ئازادیی رادەربڕینی داناوە، پێم وابێت زۆر كەمترە لەوەی ئەمڕۆ غەیرە ئیسلامییەكان و غەیرە مسوڵمانەكان دایان ناوە.

شێخ راشد غەننوشی لە كتێبی "الحريات العامة في الدولة الاسلامية"دا رایەكی ئەبولئەعلای مەودودی (رەحمەتی خوای لێبێت) لەو بارەوە دەهێنێت، ئەبولئەعلای مەودودی بە یەكێك لە فوقەهاكانی قانونی دەستووریی ئیسلامیی دادەنرێت، ناوبراو لەو بارەیەوە دەڵێت: "لە دەوڵەتی ئیسلامییدا نا مسوڵمانەكان وەكو مسوڵمانەكان، ئازادیی

گوتاردان و رادەربڕین و بیرکردنەوە و کۆبوونەوەیان هەیە، هەروەها ئەو کۆت و ئیلتیزاماتانەشیان لەسەرە کە لەسەر مسوڵمانان هەن.. هتد". سنووری ئیسلام بۆ ئازادیی رادەربڕین ئەوەیە کە هەستی گشتیی مسوڵمانان بریندار نەکرێت و بێڕێزیی بەرانبەر پیرۆزییەکانیان نەکرێت. ئەم سنوورەش یەکسەرە نییە، واتە تەنها بۆ نامسوڵمانان نییە، بەڵکو لەسەر مسوڵمانانیش پێویستە کە هەستی بەرانبەریان را بگرن و بێڕێزیی بەرانبەر پیرۆزییەکانیان نەکەن، (وَلاَ تَسُبُّواْ الَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ اللّهِ فَيَسُبُّواْ اللّهَ عَدْواً بِغَيْرِ عِلْمٍ كَذَلِكَ زَيَّنَّا لِكُلِّ أُمَّةٍ عَمَلَهُمْ ثُمَّ إِلَى رَبِّهِم مَّرْجِعُهُمْ فَيُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ) (الأنعام: ١٠٨).

هەروەها لە دەوڵەتی ئیسلامییدا رێگە دەدرێت کە نامسوڵمانەکانیش رەخنە لە حکومەت و کاروباری دەوڵەت و فەرمانڕەواکان بگرن. جا کە من لەم وەڵامەدا بەراوردی نێوان مسوڵمان و نامسوڵمانم هێناوە، مەبەست ئەوەیە کە ئەگەر نامسوڵمان ئازادی تەواوی لە ژێر سایەی دەسەڵاتی ئیسلامیی یان لای کەسی مسوڵمان هەبێت، ئەوا ئەوڵاترە کە مسوڵمانێك دەتوانێت خوێندنەوەی جیاوازی بۆ رووداو و بابەتەکان هەبێت، بەو مەرجەی لە سنووری دەقە نەگۆڕەکان دەرنەچێت.

**+ ئایا لە دەستووری وڵاتانی رۆژئاوادا، چوارچێوەیەك بۆ ئازادیی رادەربڕین و نووسین هەیە؟**

ـ بێگومان هەیە، یاسا و دەستوورەکانی زۆربەی وڵاتانی رۆژئاوا بەشی خۆیان بە زیادەوە چوارچێوەیان بۆ رێکخستنی کاری نووسین و رۆژنامەنووسی و رادەربڕین تێدایە، بگرە نووسەران و رووناکبیرانی زۆرێك لەو دەوڵەتانە زۆر زیاتر لەوانەی لای خۆمان بەو یاسایانەوە پابەندن و لێی دەرناچن، هەروەها حکومەتیش بەوپەڕی لەخۆبردوویییەوە ئەو یاسایانە بەسەر ئەو نووسەرانەدا دەسەپێنێت کە لێی دەردەچن، من باسی ئەوە ناکەم کە تا چەندێك لەو یاسا و بەندانەی دەستووری وڵاتانی ئەوروپا و رۆژئاوادا دووفاقییەت و ئیزدیواجییەت سەبارەت بە پیرۆزییەکانی هەموو میللەتان و زۆر بە تایبەتیش بەرانبەر ئیسلام نوێنراوە، چونکە ئەوەش بۆ خۆی جێگەی مشتومڕە و ئێمە لێرەدا زۆر بواری باسکردنیمان نییە، کە بە تایبەتیش لە مەسەلەی بڵاوکردنەوەی کاریکاتێرەکان لەسەر کەسایەتیی موحەممەد پێغەمبەر (ص) لە بەشێك لە رۆژنامە ئەوروپییەکاندا ئەو ئیزیواجییەتە دەردەکەوێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەو چوارچێوانە بۆ کاری نووسین و رادەربڕین هەن و کەسیش لەوێ نەیوتووە کە یاساکانیان رەجعین! ئەو نووسەرە بێسەروبەرانەی لای خۆمان هەم یاسا بە گشتی و هەم یاسای چاپەمەنی بە تایبەت بە ناوی ئازادیی رادەربڕینەوە پێشێل دەکەن و هەم کاتێکیش دادگا فەرمانی لێپرسینەوە و دەستگیرکردنیان بۆ دەردەکات، ئەوان لە یاسا هەڵدێن، بۆ شاردنەوەی ئەم رسواییەشیان، پەنا دەبەنە بەر تۆمەتبارکردنی ئەم و ئەو بەوەی "فەتوای کوشتنیان بۆ دەرکردوون"!!

بە هەرحاڵ با بێینەوە سەر ئەسڵی پرسیارەکەتان، من لێرەدا هەوڵ دەدەم لەو بارەیەوە یەك دوو نموونەتان بدەمێ کە لە نووسینەکاندا بەردەستم کەوتوون:

یاسای فەرەنسی هەر نووسین و لێدوانێکی ئاشکرای قەدەغە کردووە کە بە هۆی هەندێك هۆکاری عیرقی یان ئاینییەوە دەبێتە مایەی دروستبوونی رق و کینە، هەروەها هەر ئەو یاسایە بە درۆخستنەوەی رووداوی "هۆلۆکۆست"ی قەدەغە کردووە. هەمووشمان رووداوی تۆمەتبارکردنەکەی رۆجێ گاروودیمان لە لایەن دادگای فەرەنساوە سەبارەت بە "هۆلۆکۆست" لە بیرە.



ZAGROS WEBSITE

هەروەها یاسای کەنەدی هەموو گوتار و فیکرێکی ڕق و قینئامێزانەی دژ بە کۆمەڵە ئاینیی و عیرقییەکان قەدەغە کردووە، هەروەها ئەو ئەفکار و وتە و وێنانەشی قەدەغە کردووە کە لە ڕووی جنسییەوە بە بەدئەخلاقی دادەنرێن. تا ئەمڕۆش لە یاسای پۆڵەندادا بێڕێزییکردن بەرانبەر کەنیسەی کاتۆلیکی و سەرۆکی دەوڵەت بە تاوان دەژمێردرێت و ئەنجامدەرەکەی سزا دەدرێت.

هەروەها لە دەوڵەتەکانی تریشدا هەم بەندی دەستووری و یاسایی لەوبارەیەوە هەن و هەم حاڵەتی تۆمارکراوی سزادانی ئەنجامدەرانی ئەو سەرپێچییانەش هەن، کە باسکردنی هەموویان لە دووتوێی کتێبدا نەبێت جێگایان نابێتەوە.

**+ کاردانەوەی جەماوەری مسوڵمان لە لایەك و ڕۆشنبیرانی مسوڵمان لە لایەکی دیکەوە دەبێت چۆن بێت؟**

ـ من ئەو ڕایەم تا ڕاددەیەکی باش قەبووڵە کە دەڵێت "دەبێ کتێب بە کتێب دادگایی بکرێت نەك بە شتی تر". لە لایەکی تریشەوە پێموایە ناکرێت بڵێین کە جەماوەر نابێت هەڵوێستی ئاشکرای هەبێت و دەبێت بە تەنها ڕۆشنبیرانی مسوڵمان ئەو کارە بکەن، هەر کەسە و بە ئەندازەی خۆی بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆ، بەڵام قسە لەوەیە کە ڕۆڵی ئەو لایەنانە چۆن بێت، من لەگەڵ ئەوە نیم کە دەیان هەزار مسوڵمان لە دژی تەنها نەفەرێك یان زیاتر بچنە سەر جادە، بەڵکو دەبێت ئەوان بە ئاڕاستەی ناڕەزاییدەربڕین بەرانبەر دیاردەکە بەگشتی و فشارخستنە سەر حکومەت و پەرلەمان بۆ بەرگرتن لەو کارە نایاسایی و نادەستوورییانە ڕێپێوان بکەن، کاردانەوە بەرانبەر تاکەکەس، ئەو کەسە بە ناهەق گەورە دەکات، گەر کەسێکی زۆر گەندەڵ و بێمستەواش بێت، نموونەی زۆریشمان لەسەر بە ناهەق گەورەکردنی ئەو کەسانە هەیە. هەروەها سەرجەمی مسوڵمانان ڕێگەی تریان لە بەردەمدایە بۆ ئەوەی لە دژی ئەو نووسینانە خزمەتی پێ بکەن، بۆ نموونە" ئەوان، بە تایبەت پارەدار و دەوڵەمەندەکانیان، دەتوانن لە ڕێگەی بەخشینی سەرمایە و کۆمەکی دارایی بەو پرۆژانەی بە شێوەی زانستی و دروستتر لە دژی ئەو نووسینانە کار دەکەن، خزمەتی گەورە بکەن و بەرپرسیارێتیی ئاینیی خۆشیان بە جێبهێنن.

پێموایە کاری سەرەکی کە دەبێت بکرێت، کە هەم بەرپرسیارێتیی سەر شانی ڕۆشنبیرانی مسوڵمانیشە، ئەوەیە بە شێوەی نووسین و زانستی وەڵامی ئەو نووسینانە بدرێتەوە، ئەمە پڕ بە پێستی حاڵەتەکەیە، چونکە زۆر بە ئاسانی هەموو ئەو نووسینە نازانستی و هەڵەشانە هەڵدەوەشێنێتەوە، بگرە دروستبوونی کار و کاردانەوەی لەو جۆرە، زۆر بە ئاسانی دەتوانێت بەر لەو دیاردە و شاڵاوەش بگرێت کە خەڵکانی نەزان و نەفام دەستیان پێکردووە، چونکە ژمارەیەکی کەمی نووسەری جددی و زانستی دەتوانن دەیان لەو کۆلکە نووسەرانە دەمکوت بکەن و وایان لێ بکەن لەو کارانە بچنەوە، ئەم حاڵەتەش تاقی کراوەتەوە و بەرهەمیشی هەبووە، بۆ نموونە" من ئاگادارم کە مامۆستای زانکۆ هەیە پەنای بۆ یەکێك لەو نووسەرە جددییانە بردووە تا لە ڕایی خودا لەسەری نەنووسێت بۆ ئەوەی سومعەی پێی نەشکێت! هەروەها فس فس پاڵەوانی وا دەزانم کە تا دوێنێ خەریکی بڵاوکردنەوەی کتێبی زل بوو، ئەمڕۆ لە ڕووی نایەت جگە لە وتاری ڕۆژنامە هیچی تر بنووسێت، چونکە چەند نووسەرێکی جددی، کە لە بازنەی ڕۆشنبیرانی مسوڵمانیشدا نەبوون و نین، لێی ڕاست بوونەوە و بە نووسین پەڕ و باڵی خۆی و نووسینەکانیشیان برد بە ئاسماندا!!

هەر ئەو تێڕوانینەش بوو کە بووە هۆی لە دایکبوونی پرۆژەیەك بە ناوی پرۆژەی (تیشك)، کە لەسەر دەستی کۆمەڵێك ڕۆشنبیری مسوڵمان، کە بەندەش یەکێکە لەوان، دروستبوو، من پێموایە ئەو ڕێبازی وەڵامدانەوە و



ZAGROS WEBSITE

قسەلەسەرکردنەی ئەو پرۆژەیە تەبەنی کردووە و پەیڕەوی دەکات، باشترین هۆکارێکە بۆ پووکانەوەی ئەو دیاردەیە و نووسینی نازانستی و ناڕەوا لەسەر ئیسلام و پیرۆزییەکان. ڕێبازی پرۆژەکەش بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە لێدان لەو کتێب و نووسینانە لە میانەی ئەو سەرچاوە و بەڵگانەی کە خۆیان بە ساختە ناویان بردوون و دەستنیشانکردنی هەڵە زەقەکانیان، پاشانیش ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان و تەنزیری ئیسلامییانە بۆ ئەو بابەت و باسانەی لە نێو ئەو کتێبانەدا تەرح کراون. سوپاس بۆ خوای پەروەردگار، هەر لە ئێستاشەوە ئەو ڕێبازەی پرۆژەی (تیشك) گرتوویەتیە بەر، دوابەدوای بڵاوبوونەوەی یەکەمین کتێبی، بەرهەم و شوێندەستی دیار بووە.

+ چاوەڕوان دەکرێت لە ئاییندەدا ئەو کتێبانە زۆرتر بن یاخود کەم بنەوە؟

ــ ئەوە دەکەوێتە سەر جۆری ئەو کار و کاردانەوانەی ڕۆشنبیرانی مسوڵمان دەیان بێت، من لە وەڵامی پرسیاری پێشوومدا وتم ئەو ڕێبازەی کە بریتییە لە وەڵامدانەوەی نووسینی نازانستی بە نووسینی زانستی، سەرکەوتووترین ڕێگەیەکە بۆ بەرگرتن لەو شاڵاوی جەهلەی ماوەی چەند ساڵێکە لە کوردستان دەستی پێکردووە، ئەگەر کارەکە بەو شێوەیە بڕوات، بێگومان ئەگەر بنەبڕی نەکات، ئەوا زۆر کەمی دەکاتەوە. جاران کە هێشتا ڕۆشنبیرانی مسوڵمان نەکەوتبوونە سەر ئەو خەیاڵەی بەو ڕێگە زانستییە وەڵامی ئەو نووسینانە بدەنەوە، یان لەسەر ئاستی تاك ئەو کارو خەیاڵاتە هەبوو شێوەی دەستەجەمعی وەر نەگرتبوو، جار لە دوای جار نووسەری ئەو کتێبانە لە خۆیان بایی دەبوون و تا دەهات زمانی تەحەدداکردنیان بەرانبەر ڕۆشنبیرانی مسوڵمان تیژتر دەبوو. من هیوام زۆرەی بەوەی هەوڵی ڕۆشنبیرانی مسوڵمان وا بکات بە تەواوەتی ئەو کتێبانە کەم بکاتەوە، چونکە ئێستا خەریکە ئەو مۆدیلی وەڵامی نووسین بە نووسینە بە تەواوەتی لە نێو عاممەی مسوڵماناندا پەرە بسەنێت و ببێتە جێگەی بیرکردنەوەی هەموویان، ئەویش نەك بەو مانایەی هەموویان دەست بدەنە قەڵەم و بنووسن، نەخێر، بەڵکو هەموویان دەستبار بۆ یەك بگرن و هەریەکەیان بەپێی توانای خۆی، جا چ توانای دارایی بێت یان نووسین یان هەر شتێکی تر، کار بۆ سەرخستنی ئەو پرۆژانە بکەن. بەڵێنی خوای پەروەردگاریشە کە فەرموویەتی: (.. فَأَمَّا الزَّبَدُ فَيَذْهَبُ جُفَاء وَأَمَّا مَا يَنفَعُ النَّاسَ فَيَمْكُثُ فِي الأَرْضِ كَذَلِكَ يَضْرِبُ اللّهُ الأَمْثَالَ) (الرعد: ١٧).

* ئەم گفتوگۆیە لە بنەڕەتدا کاك بارام سوبحی بۆ کتێبی (خنکانی مەعریفە لە نێو شەهوەتدا، خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییانەی کتێبی سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا) ئەنجامی داوە و لە لاپەڕە ٩-٣٦ی کتێبی ناوبراودا بڵاوبۆتەوە.

ZAGROS WEBSITE